www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 21:40 25-4-2007

## بەیادی مامۆستا تەحسین تەها سلاو لە هونەرمەند زەکەریا عەبدوڵڵا ... ئاری ئازاد

ئەو هونەرمەندانەی کە هونەری کوردیان گەیاندە ئەمرۆ شایانی ئەوەیە هەموو کاتێك ناویان لە مێژووی هونەری کوردی گەشاوە بێت چونکە ئەوان بوونە خوێندنگایەك و ڕێبازێك بۆ هونەرمەندانەی دوای خۆیان بە جۆرێك تا ئێستاش بەرهەمەکانیان چ گۆرانی بێت یان ئاواز دەوترێتەوە ئەمەش وەفایە بۆ ئەم مامۆستایانە، گۆرانی (من تو نەڤی) کە یەکێکە لە گۆرانیە هەرە شیرینەکانی مامۆستا و هونەرمەند (تەحسین تەها) لەلایەن هونەرمەندی ناوداری کورد (زەکەریا عەبدوڵڵا) بە هەمان ئاواز بەڵام بە تێکستێکی نوی وترایەوە گرنگی وتنەوەی ئەم گۆرانیە لەوەدایە بۆ تە وێردی سەر زمانی گەنجانی وڵاتەکەمان ئەم هەوڵانە دەبێتە لێك نزیك بوونەوەی نێوان هەردوو زاراوەی کوردی (کرمانجی و سۆرانی) لە یەکەم بەرهەمی هونەرمەند زەکەریا ئەو ڕێچکەیەی شکاند لە نێوان ئەم دوو زاراوەیە بەراستی شایانی دەست خۆشیە چونکە دەبێت ئەوە بزانین کە لە کوردستانی باکوور و ڕۆژئاوا بە هۆی ئەم هەڵوێستە ڕێزێکی زۆریان بۆ کاك زەکەریا هەیە، لە بەرهەمی (دایە) کە دوو گۆرانی کرمانجی لە خۆگرتبوو یەکەمیان (ئاگر کەتیە دلی من) کە هی هونەرمەندی گەورە (بێتوجان) ە داهێنانێکی جوانی تێدا کردبوو ئەوی تریشیان (ها گولی) بوو ئەم گۆرانیە هی مامۆستا (محەمەد عارف جزیری) بوو، بەراستی ئەو گۆرانیانە هەر بە نەمری دەمێنێتەوە لە مێژووی هونەر و تاکی کورد.

ـ هەولێر
ariazad999@yahoo. com ariazad999@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.